# باڵندەیەک لە کوردستانەوە





## هەنجیرە خۆرە

ئیسماعیل تاها شاهین

**ناوەکانی**

**بە کرمانجی ... زەروێلێ شاما، پیروپیرو، سلو باپیرو**

**بە سۆرانی... زەردی وەلی، هەنجیرە خۆرە**

**بە عەرەبی ... الصفیر**

**بە لاتیی... Oriolus**

هەنجیرەخۆرە نزیکەی ٢٤ سانتیمەتر درێژە.

نێرەکەیان لاشەی زەردە، نێوچاوانی و ژێر دەنووک و بالاَ و کلکی، ڕەشن. هەردوو لێواری کلکەکەی زەردایەتیەکیان هەیە.

مێیەکەش لای سەرەوەی کەسکێکی زەردباوە. باڵ وکلکیشی زیاتر بەلای قاوەیی دا دەچن.

جوجەڵەکانیشی وەکو دایکیان دەنووکیان سوور و پێیان خۆڵەمێشی و سپێنەی چاویشیان سوورێکی شەکەریە.

هەنجیرەخۆرە خۆی لەنێو لق و پۆپی درەختەکان دەشارێتەوە، بەتایبەتی درەختەکانی میوە. هەروەها لەسەر کەناری ڕووبار و پەسارانیش دەبینرێن. فڕینەکەی بەپەلە و بازدانە، خواردنیشی میوەو مێش و مەگەزن.

هەنجیرەخۆرە هێلانەکەی بە لقی دارانەوە هەڵدەواسێت و لە (٣-٥) هێلکە دەکات.

هەنجیرەخۆرە باڵندەیەکی کۆچەرە. لەسەرەتای بەهار دیاردەکەوێت تاسەرەتای جۆزەردان. بەلام هەندێک جار تا مانگی خەرمانان و گەلاوێژیش دەمێنێتەوە. پاییز و زستانەکانیشی دەباتە ڕۆژهەلات و خوارووی ئەفریقا.



